

ژنێکی کورد لەبەیروتی پایتەختی لوبنان رۆژی ١٠/٢٦ بەشدارە لەخۆپیشاندانێک بۆ پشتگیری لە PKK
AFP

## دامەزراندنی "ئەنجوومەنی هەماهەنگیی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان"

# پێشنیارێک بۆ گفتوگۆ



■ حسەین یەزدانپەنا

بەمەبەستی گوڕوتیندان بەو حەولانەی بۆ نەهێشتنی ئاڵۆزیی، لێکنزیکبوونەوەو پێکهێنانی هاوکاریی نێوان حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەدرێن، لەپووشپەڕو گەلاوێژی ئەمساڵدا زنجیرەیەک دیدارو وتووێژمان لەگەڵ رێبەرایەتی حیزبەکانو چەند کەسایەتییەک رێکخست.

ئەرکی ئەم بابەتە ئەوە نییە پێویستیی لێکنزیکبوونەوەو هاوکاریی نێوان حیزبە سیاسییەکانو دامەزراندنی ئیئتیلاف یان بەرەیەکی کوردستانی پێکهاتوو لەحیزبو کەسایەتییەکان شیبکاتەوە. پێشتر لەوبارەوە زۆرمان وتووە. کێشەکەش لەوەدا نییەو هیچ کەس لاریی لەو پێویستییەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان نییە.

ئەرکی ئەم بابەتە، بریتییە لەراگەیاندنی ئاکامگیرییەکی گشتی لەو دیدارو چاوپێکەوتنانەو پێشکەشکردنی پێشنیارێکی کۆنکرێت بۆ باسو گفتوگۆ.

لەو دیدارو وتووێژانەدا، هیچ لایەنێک نکۆڵیی لەپێویستیو زەروورەتی هاوکاری لەنێوان حیزبە سیاسییەکاندا نەکردووە. ئێمە هەموومان یەک لەیەک گەرمو گوڕتر لەو بارەوە لەگەڵ یەک دەدوێین.

بەڵام ئەوەی رێگری هاوکاریی بەکردەوەی نێوان هەموو لایەک پێکەوەیە، ئاکامو ئاسەوارەکانی جیابوونەوە لەریزەکانی دوو هێزی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستانە. پرسی « ناو»، سەرەکیترین لەمپەری کۆبوونەوەی هەموانە لەدەوری یەک مێز. ئەرکی نووسەری ئەم دێڕانەو بابەتەکەی ئەوە نییە رەوایی یان ناڕەوایی ئەم کێشەیە روون بکاتەوەو لایەک بەهەقو لایەک بەناهەق بناسێنێ. ئەوە بابەتێکی دیکەیەو لەجێی خۆیدا قسەمان لێکردوە.

بەپێی قسەو باسەکانی ئەو دیدارو چاوپێکەوتنانەو کۆی بابەتە ناکۆکی لەسەرەکان، بەداخەوە دەبێ بڵێم: لەهەلومەرجی ئێستادا سەرەڕای پێویستیی هەبوونی بەرەیەکی کوردستانیو لەگەڵ ئەوەدا کە هەموو لایەنەکان نزیکیو هاوکاری لەبزووتنەوەی کوردستاندا بەپێویست دەزانن، بەڵام کێشەی نێوان حیزبەکان رێ نادا، هاوکاری، ئیئتیلاف یان بەرەیەک پێکهاتوو لەهەموو لایەنەکان پێکبێ.

جا بەم حاڵەوە ئەگەر رێگاچارەیەک نەدۆزرێتەوەو بارودۆخی پێوەندیی نێوان حیزبەکان هەر لەدۆخی ئێستادا بمێنێتەوەو بزوتنەوەی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان هەر بەمجۆرە ناوەندێکی یەکخەری سیاسیی نەبێ، زیانی گەورە بەئێستاو پاشەرۆژی کورد لەم پارچەیەی نیشتمان دەگا. رووداوەکانی ئەمرۆی باشوری کوردستان زیانەکانی ناکۆکییو پرشو بڵاویو قازانجەکانی یەکێتیو یەکگرتووی زیاتر لەهەر کاتێکی دیکە دەسەلمێنن.

بڕیار بوو لەناوەڕاستی مانگی ئۆکتۆبردا کۆنفرانسێکی کوردستانی لەهەولێر ببەسترێ. من لەبەستنی ئەو کۆنفرانسە هەرگیز دڵنیا نەبووم، بەڵام ناچار بووم چاوەڕێ بکەم بۆ ئەوەی ئەگەر پێکهات، پێشنیارەکەمان لەوێ پێشکەش بکەین. کۆنفرانسەکە نەبەسترا.

پوختەی پێشنیاری ئێمە ئەوەیە کە لەدۆخێکدا کە حیزبەکان ناتوانن وەک حیزب لەدەوری مێزێک لەگەڵ یەکدا کۆببنەوەو ئەوەش ئیمکانی هاوکارییەکی گشتگیری پەکخستووە، با هەوڵی پێکەوەنانی لانی کەمی هەماهەنگیی سیاسی بدەین.

حیزبە سیاسییەکان لەبزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستاندا بەهێزترین ئەکتەری سیاسیین، بەڵام تاکە ئەکتەر نین. لەم سەردەمەدا تاکەکان دەوری گرینگ دەتوانن بگێڕنو یەک لەئەکتەرەکانی گۆڕەپانی سیاسیین لەهەموو کۆمەڵگاکانو تەنانەت لەئاستی نێودەوڵەتیو لەپرسە نێونەتەوەییەکاندا.

ئێستا کە حیزبە سیاسییەکان ناتوانن پێکەوە هیچ چوارچێوەیەک بۆ هەماهەنگیو رێکخستنی سیاسەتو پراکتیکی نەتەوەیی لەبزوتنەوەی رزگاریخوازیی وڵاتەکەماندا پێکبێنن، دەکرێ ئەم ئەرکە بەکۆیەک لەتاکە دیارو خاوەن دەورەکان، سەربەخۆ لەناوو نیشانی حیزبەکانیان بسپێردرێ. بەوتەیەکی دیکە، ئەوەی حیزبەکان بۆیان ناکرێ با کەسایەتییەکانی حیزبەکان پێکەوە بیکەنو ئەنجوومەنێک لەوان پێکبێ بۆ راوێژو هەماهەنگیی سیاسیو لانی کەمی هاوکاری. ئەم ئەنجومەنە ئەگەرچی ئەندامەکانی لەحیزبەکانەوە دێنەدەر، بەڵام کەسایەتییەکەی جیاواز دەبێ لەکۆڕی نوێنەرایەتی حیزبەکانو دامەزراوەیەکی بان حیزبی دەبێ. ئەم ئەنجومەنە دەتوانێ بەرووکاریی نەتەوەییو نێوخۆییدا لەحاست پێشهاتو پرسە سیاسییەکانو بۆنە نەتەوەییەکان سیاسەتو هەڵوێستو تەنانەت رێکار دارێژێو پراکتیزەکردنی بەخودی حیزبەکان بسپێرێ. لەبەستێنی نێونەتەوەییدا وەک دەزگایەکی نەتەوەیی کوردستانی لەگەڵ دەوڵەتانو کۆڕو دامەزراوە نێونەتەوەییەکان دەرکەوێو دانوستانی سیاسیی بکا.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵو ئەزموونانەی خوارەوە، لەئوسوولدا دەکرێ وەها ناوەندێک بەهەر ناوێکەوە،ئەنجومەن بێ یان ناوێکیتر، پێکبێ:

١- گرفتی «ناو» لەئاستی حیزبەکان لەگۆڕێدایە، بەڵام تا ئێستا لەئاستی تاکەکانی حیزبەکان لەگۆڕێدا نەبووەو نییە.

٢- لەکۆنگرەی «ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست»دا، لایەنە کوردییەکان هەر لەبەر گرفتی ناو رێکنەکەوتن پێکەوە وەک حیزب، هەرکام بەناوو نیشانی خۆیانەوە دەرکەون، بەڵام رێککەوتن بەناوی «حیزبە کوردییەکانی بەشدار لەکۆنگرە» پێکەوە واژۆی نامەیەک بکەن.

٣- لەبەرەبەری ٢٩هەمین ساڵی راگەیاندنی جیهادی خومەینی دژی کورد، حەولێک درا بۆ ئەوەی حیزبەکان پێکەوە هەڵوێستێکی هاوبەش رابگەیەنن، بەبێ ئەوەی ناوەکانیان بنووسرێو لەهەمان ئەزموونی کۆنگرەی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست کەڵک وەربگیرێ. بەهۆی کەمیی کات، ئەو هەنگاوە لەنێو رێ پەکی کەوت.

ئێمە دەزانین هەنگاوێکی ئەوتۆش بێ گیروگرفتو لەمپەر نییە. ئەوەش روونە کە هەنگاوێکی وا لەچاو ئەرکەکانمان لەبزووتنەوەداو لەچاو پێویستییەکانی خەباتمان کەمو سەرەتاییە. بەڵام بەمحاڵەشەوە هەنگاوێکی بەرەوپێشو بنبەست شکێنە. ئەم هەنگاوە ئەگەر هەڵگیرێتەوە رەنگە بتوانێ کاریگەریش بێ لەسەر درز هەڵگرتنی ئەو دیوارەی لەنێوان چەند لایەنێکدا رۆنراوە. مێتۆدی یان هەموو شت یان هیچ، لەهیچ بوارێکدا مێتۆدێکی سەرکەوتوو نەبووە.

لەم گەڵاڵە پێشنیارییەدا، کەسایەتییە سەربەخۆو بێلایەنەکان لەناوخۆو دەرەوەی وڵات لەبیر ناکرێن. بەڵکو ئەوان دەتوانن دەوری خۆیان بگێڕن.

ئێمە ئەم پێشنیارە پێشکەش بەحیزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین. هەروەها لەم رێگایەوە رۆڵەکانی نەتەوەکەمانی لێئاگادار دەکەین؛ بۆ ئەوەی هەر تاکێکی دڵسۆزی کورد، بەشداری بکا لەباسو تێکۆشان بۆ پڕکردنەوەی گەورەترین بۆشایی لەبزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان، واتە: نەبوونی گوتار، پرۆژەو هەنگاوی هاوبەشی سیاسی.

***نوسەری ئەم بابەتە جێگری سەرۆکی پارتی ئازادی کوردستان (PAK)ە.**

# PKK لەهەڵبژاردنی ئەمەریکادا

■ ئا: کەمال چۆمانی

کاندیدای دیموکراتەکانی ئەمەریکا، لەدوا راگەیاندنی خۆیدا رەخنەی توند لەئیدارەی بوش دەگرێتو پێیوایە کە بوشو ئیدارەکەی بوون بەهۆکارێک بۆ ژیانەوەی PKKەی «تیرۆریست» لەناوچەکەو لاوازبوونی پەیوەندی نێوان تورکیای هاوپەیمانی ناتۆو ئەمەریکا.

لەنەخشەی رێگای ئۆبامادا بۆ دروستکردنی پەیوەندی توندتو بەهێزتر لەگەڵ وڵاتە ئەوروپییەکان، ئۆباما ئامارە بەوە دەکات کە خۆیو جێگرەکەی جۆ بایدن، «باوەڕیان بەپەیوەندییەکی نزیک لەگەڵ وڵاتێکی رۆژهەڵاتی - رۆژئاوایی سەقامگیری دیموکراسی هەیە: تورکیا. ئەو وڵاتە بایەخو گرنگییەکی گەورەی هەیە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا، کە لەچەند ساڵی رابردوودا ئیدارەی بوش پەیوەندییەکانی لەگەڵ لاواز کردبوو. بەهۆی شەڕی عێراق - ئەمەریکاو ژیانەوەی پارتی جوداخوازی ئۆپۆزسیۆنی تورکیا PKK کە هەڕەشەیە بۆ سەر تورکیا».

ئۆباماو بایدن ئەوەشیان بیرهێنایەوە کە تورکیا ستراتیژیترین هاوپەیمانی ناتۆو دیموکراسیترین وڵاتی جیهانی ئیسلام، بەهۆی سیاسەتەکانی بوشەوە دژایەتی رۆژئاوا دەکات. هەروەک چۆن دوا راپرسییەکانیش ئەوەیان نیشانداوە خۆشەویستی تورک بۆ ئەمریکا بەرێژەی ١٢٪ دابەزیوە.

ئەم نەخشەی رێگایە کە لەوێبسایتەکەی کامپینی ئۆبامادا بڵاوکراوەتەوە جەخت لەوە دەکاتەوە «باراک ئۆباماو بایدن هەوڵی دیبلۆماسی بۆ ئەوە دەدەن سەرکردەکانی کوردی عێراقو سەرکردە تورکەکان گفتوگۆ بکەنو بگەنە لێکتێگەیشتنێک بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ هەڕەشەکانی PKK، تا گارەنتی بداتە تورکیا کە سەلامەتی هەرێمە سنوورییەکانی بپارێزرێتو رێخۆشبکرێت بۆ وەبەرهێنانی تورکی لەناوچەکەو بازرگانی نێوان کوردو تورک پەرەیپێبدرێت».

هەروەها ئۆباماو بایدن پشتگیری ئەمەریکا بۆ دیموکراسیو مافی مرۆڤو ئازادی بیروڕا دەربڕینی تورکیا دەردەبڕنو پشتیوانی لەهەوڵی بوون بەئەندام بونیشی دەکەن لەیەکێتی ئەوروپادا.

ئۆباما، لەم نەخشەی رێگایەدا، جینۆسایدی ئەرمەنەکانو کێشەی قوبرسو مافی کەمینەکانو هەیمەنەی عەسکەرتاریی سوپاو باندی ئەرگەنەکۆنو پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەباکوری کوردستاندا نادیدە دەگرێت، رەنگە بەمەش ئۆباما دەنگی ئەرمەنەکان لەدەست خۆیبدات.

پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمەریکا، دوای داگیرکردنی ئێراق لەلایەن ئەمریکاوە لە ٢٠٠٣ ساردی تێکەوت. نۆڤەمبەری ساڵی رابردو، لەمیانەی کۆبوونەوەی نێوان ئەردۆغانی سەرۆک وەزیرانی تورکیاو سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج بوشدا، بوش وتی « PKK دوژمنی ئێمەیە». بەدوای ئەوەشدا، تورکیا لەهەموو ئۆپەراسیۆنو هێرشەکانیدا بۆ سەر پەکەکە لەقەندیلو زابدا پشتی بەزانیارییە سیخوڕییەکانی ئەمەریکا دەبەست. ئەمە لەکاتێکدایە زۆربەی راپرسییەکانی ئەمەریکا ئەوە نیشاندەدەن کە ئۆباما لەپێش کاندیدی کۆماریخوازەکان «جۆن مەکەین»ەوەیە.

# ئێران بەکارهێنانی ئەسپ لەقاچاچچییەکان قەدەغە دەکات

■ ئا: ئاوێنە



قاچاخچییەک لەمەرزی حاجی ئۆمەران

فۆتۆ: کەمال چۆمانی

کۆماری ئیسلامی ئێران، موختاری گوندەکانی سەر سنووری نێوان هەرێم و وڵاتەکەی ئاگادار کردۆتەوە لە قەدەغەکردنی راگرتنی ئەسپ و وڵاخی ئەستوورە. ئەو بڕیارەی ئێران بۆ سنووردارکردنی جموجۆڵەکانی هێزە ئۆپۆزسیۆنە کوردییەکان و بلۆککردنی ئەو هاوکارییانەیە کە ئێران وا هەستدەکات لەلایەن قاچاخچییەکانەوە بەو هێزە کوردییانە دەگات.

لەو ئاگادارکردنەوەیەی کۆماری ئیسلامی ئێراندا کە ئاڕاستەی گوندنشینەکانی سەر سنووریان کردووە، هاتووە «هەر کەسێک ئەسپو وڵاخی ئەستوورە رابگرێت، ئەوا بە زیاتر لە ٣ ملیۆن تومەن (چوار هەزار دۆلار) غەرامە دەکرێت و زیندانیش دەکرێت».

وەک سەرەتایەک ئێستا دەوڵەتی ئێران، تەنها هەردوو گوندی «زێوەو کۆنە لاجان»ی لەو قەدەغە کردنە ئاگادار کردووەتەوەو چاوەڕێ دەکرێت تەواوی ناوچە سەر سنوورییەکان بگرێتەوە. خەڵکی گوندی کۆنە لاجان، کە یەکەم گوندە لەحاجی ئۆمەرانەوە بۆی دەچیتو تەنها سێ کیلۆمەتر لەسنووری هەرێم دوورە، روونییان کردەوە «سەرەڕای ئەوەی لەرێی موختاری گوندەکەیانەوە ئاگادار کراونەتەوە. لەهەمانکاتیشدا، لەکاتی شەودا چەندان نووسراوییان بەناو ماڵەکاندا بڵاوکردۆتەوەو هەندێک نووسراویشیان لەدەرگەی تەویلەکەی ئەسپەکان داوە، کە تێیدا ئەوە روون کراوەتەوە تەنها ١٠ رۆژیان مۆڵەت دراوە بۆ فرۆشتنی ئەسپەکانییان، ئەگەر نا ئەسپەکانییان لێدەسەنرێتو بەپارەیەکی زۆریش غەرام دەکرێن. لەکاتی دووبارەبوونەوەشدا، ئەوا تووشی لێپێچینەوەی توندتر دەبن».

ئەسپ، بەشێکی دانەبڕاوە لەوردەکاری ژیانی خەڵکی گوندەکانی سەر سنوورو کەم گوندو تەنانەت کەم ماڵ هەیە ئەسپی رانەگرتبێت. نزیک بە ٣٠٠ ئەسپ لەگوندی زێوەو کۆنە لاجان هەیە. هەردوو گوندەکە، زیاتر لە٣٥٠ ماڵ دەبن.

پێویستیی راگرتنی ئەسپ، لەدیدی خەڵکی ئەو گوندانەوە، وەک راگرتنی سەگ وایە لەئەوروپا. بەڵام ئەوەی ئەوروپییەکان بۆ سەگی دەکەن، تەنها بۆ خۆشەویستییە، بەڵام ئەو هۆگرییەی کوردەکانی سەر سنوور بەرامبەر بەئەسپ هەیانە، بەمەبەستی بژێوییە. هەرکەسێک کە سەیری یەکێک لەتەویلەکانی بەخێو کردنی ئەسپ بکات لەو گوندانەدا، بۆی دەردەکەوێت کە چەندە ئەسپ لایان خۆشەویستە.

هەموو تەویلەیەکی راگرتنی ئەسپ، کارەباو ساردیو گەرمی تێدایە. تەویلەکەش جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ ئەو خانووانەی کە گوندییەکان تێیدا دەژین.

گوندییەکان، لەرێی ئەسپەکانییانەوە، بەکاری قاچاغچییەتییەوە خەریکن. ئەوان شەوان بەناو چەندان کەمینی سوپای پاسداراندا بەرەو باشووری هەرێمی کوردستان رێی مەرگ دەگرنو بەئاودیو کردنی مەشروبو جگەرەوە لەهەرێمی کوردستانەوە بەرەو ئێران خەریکن، چونکە بژێوی ژیانییان لەسەر قاچاخچییەتییە.

چەند قاچاخچییەکی گوندی زێوە، کە ئێستا تێکەڵ بوونەتەوە لەگەڵ خەڵکی گوندی کۆنە لاجانی دراوسێی، روونکردنەوەی زیاترییاندا «ئێمە بە گومانین لەو بڕیارەی دەوڵەت. دڵنیاشین تەنها لەبەر ئەوەیە، ئێمە منەتمان بەدەوڵەت نییەو نەبووینەتە بەسیج «جاش». ئێستا خەڵکێکی زۆر دەبێتە بەسیجو پارەی باش وەردەگرنو ئیمتیازی زۆر دەیانگرێتەوە، بەڵام ئێمە لەرێی ئەو ئەسپانەوە منەتمان بەدەوڵەت نییەو ئەوەش گوشارێکە بۆ سەر ئێمە بۆ ئەوەی ببینە بەسیج».

ئەوانەی کە قسەیان بۆ ئاوێنە کرد، ترسیان لەپێزانینی دەوڵەت بوو، یەکێک لەو قاچاغچییانەی تەواوی ژیانی لەسەر قاچاخچێتییەو هیچ کارێکی تریش ناکات، وتی «من نازانم بۆ دەوڵەت ئاوامان لێدەکات؟ ئێمە ژیانمان لەسەر ئەو کارەیە، ئێستا من نەپیاوی دەوڵەتم تا مووچەم بداتێ، نە توانای هیچ کارێکی تریشم هەیە».

ئەو قاچاخچییە، دەربارەی هۆکاری ئەو قەدەغەکردنەش، وتی «کۆماری ئیسلامی دەیەوێت هێنانی مەشروب لە سنوور نەهێڵێت، بەڵام ئەوە تەنها قسەیەکەو هیچی تر. کۆماری ئیسلامی دەیەوێت سنوورەکان توند بکاتو هەرچی هاوکارییش بۆ PJAKو حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی تر هەیە، بلۆک بکات».

ئێستا ئەو گوندانە، لەچاوەڕوانی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەی کۆماری ئیسلامیدان. ئەحمەد موحەمەدی، ئاماژەی بەخۆشەویستی خۆی کرد بەرامبەر بەئەسپەکەی «هەرگیز ناتوانم دەستبەرداری ئەسپەکەم بم، ئێستا ئەسپەکەم نرخی ئۆتۆمبێلی جۆری پڕایدی ئێرانی دەکات. گەر لەژووری نووستنەکەی خۆمدا بیشارمەوە هەر دەیشارمەوە، بڕوا بکە بە قەد منداڵە چکۆلەکەی خۆمم خۆشدەوێت».